# سیستەمی زمانی، لە لای منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، بەنموونە (ئۆتیزم)

د. یارا قادر حمد

yara.qadir@koyauniversity.org

زانکۆی کۆیە- فاکەڵتیی پەروەردە- بەشی کوردی

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/١١/٩

**پوختە:**

ئۆتیزم، یان تێکچوونی سپێکتریمی ئۆتیزم (ASD)، حاڵەتێکی گەشەکردنە کە کاریگەری لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی و ڕەفتار هەیە. گەشەسەندنی زمان و پەیوەندیکردن دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کەسانی تووشبوو بە ئۆتیزم هەبێت، هەرچەندە ڕادەی کاریگەرییەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر زۆر جیاوازە. وەك حاڵەتێکی سەردەمییانە بەردەوام لە گەشەسەندن دایە، بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و تەکنەلۆجیا و سیستەمی زانیارییەکان، وەك دانانی شەبەکەی ئەنتەرنێت، لە سەرجەم شار و شارۆچکە و یەکەکانی نیشتەجێبووندا وەك پێداویستییەکی سەرەکیی ژیانی مرۆڤ کاری پێدەکرێت، بێ ئەو ژیانکردن مەحاڵ بووە لە ئێستادا، ئەمەش کاری کردووەتە سەر ڕەوتی ژیانی مرۆڤ و بە تایبەتی سیستەمی پەروەردە و پەروەردەی تایبەت و منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و بووە بە هۆکارێکی سەرەکی بۆ تووشبوون بە ئۆتیزم بەتایبەتی. جگە لە کۆمەڵێك هۆکاری تری وەك: ژینگە و خۆراك و جۆری لەدایکبوون و حاڵەتی بۆماوەیی، ئەمەش زۆر کاردەکاتە سەر زمانی منداڵ.

دواکەوتنی گەشەی زمانی زۆرێک لە منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم دەبێتە هۆی دواکەوتن لە گەشەکردنی زماندا. لەوانەیە لە تەمەنی زوودا دەست بە قسەکردن نەکەن یان ڕەنگە توانای درووستکردنی وشەیان یان سازکردنیان سنووردار بێت. لە هەندێک حاڵەتدا منداڵان ڕەنگە بە هیچ شێوەیەک قسەنەکەن و پشت بە فۆرمەکانی پەیوەندی نازارەکی ببەستن، وەک ئاماژە، دەربڕینی دەموچاو، یان وێنە. تەنانەت هەندێکجار دەبێتە هۆی توشبوون بە ئیکۆلالیا. کە ئەویش هەندێک لە منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم لەوانەیە دەستەواژە یان وشەیەک دووبارە بکەنەوە کە دەیبیستن، دیاردەیەک بە ئیکۆلالیا ناسراوە. ئەم دووبارەبوونەوەیە هەندێک جار دەتوانێت دەستبەجێ بێت (دوبارەکردنەوەی ئەوەی تازە بیستراوە) یان دواکەوتوو (دوبارەکردنەوەی دەستەواژەکانی چەند ڕۆژێک یان هەفتەیەک پێشتر). زۆرجار وەک جۆرێک لە پەیوەندیکردن بەکاردەهێنرێت، تەنانەت ئەگەر پێناچێت لە چوارچێوەکەدا مانای هەبێت.

**کلیلە وشەکان**: ئۆتیزم، ئیکۆلالیا، L.A.D، تێکچونی زمانی، پەروەردەی تایبەت.

**0) پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (سیستەمی زمانی، لەلای منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، بەنموونە (ئۆتیزم).)ــــە. گرنگیی توێژینەوەکەش لەوەدایە، کە لە ئێســتادا منداڵانی خاوەن پێداویســتیی تایبەت، ژمارەیان لە زیادبوونە و ئاســتی هۆشــیاریی تاکی کۆمەڵگە ( بەتـایبەت خێزان) بە بەرانبەر بە (ئۆتیزم) لاوازە، ئەم توێژینەوەیەش؛ خســتنەڕووی کۆمەڵێـك بـابەتی گرنگە، لە چوارچێوەی ئەزموونی چواردە ســاڵ کارکردن، لە بواری منداڵانی پەروەردەی تایبەت. بۆ ڕۆشــنایی خســتنەســەر چۆنییەتیی هەنگاونان بەرەو کاری باشــتر لە پێناو چارەســەرکردنی ئاریشــەکانی منداڵانی پەروەردەی تایبەت، بەتایبەت ئۆتیزم، هەروەها چۆنییەتیی گەشــەســەندنی ســیســتەمی زمانی، کە هۆکاری ســەرەکیی تێکچوونی زمانییە، لەلای منداڵانی پەروەردەی تایبەت. لەم توێژینەوەیەدا، ڕێبازی وەسفیی شیکاری پەیڕەوکراوە.

**1/0) هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە:**

1. هەبوونی هەندێك زانیاریی نوێ و تازەمان لەژێر دەســت بوو، پێمان باش بوو لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییانە بیخەینەڕوو.
2. تا ئێستا کار لەسەر سیستەمی زمانی ئۆتیزم نەکراوە، کە وەك پرۆگرامێك ڕۆڵی هەبووبێت لە چارەسەرکردن تێکچوونی زمانی لەلای منداڵانی ئۆتیزم.

**2/0) کەرەستەی توێژینەوە:**

1. ئەزموونی چواردە ساڵ کارکردن لە بواری ئۆتیزم.
2. کارکردن لەسەر لایەنی کارەکیی هەزار و هەشتسەد منداڵ، کە سوودمەندبوونە لەم پرۆگرامە.
3. کۆمەڵێك سەرچاوەی پێویست و نوێ لەم بوارەدا.

**4/0) بەشەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم/ لەم تەوەرانە پێکدێت:**

تەوەری یەکەم: سیستەمی زمانی چییە و چۆن کاردەکات؟

تەوەری دووەم: کەی منداڵ توانای فڕێدانی کۆدە زمانەییەکانی هەیە لە سیستەمی زمانیدا؟

تەوەری سێیەم: سیستەمی (L. A. D) چییە؟

تەوەری چوارەم: تێکچوونی زمانی، لەلای منداڵانی پەروەردەی تایبەت.

**بەشی دووەم/ لەم تەوەرانە پێکدێت:**

تەوەری یەکەم: ئۆتیزم چییە؟ نیشانەکانی چین؟

تەوەری دووەم: تێکچوونی سیستەمی زمانی، لەلای منداڵانی ئۆتیزم.

تەوەری سێیەم: بنەمەکانی گەشەسەندنی سیستەمی زمانی، لەلای منداڵانی ئۆتیزم.

بنەماکانی درکپێکردن (الأدراك) و وەرگرتن (إستعاب) و تێگەیشتن (الفهم) و فێربوون (التعلم)

sjh@univsul.edu.iq

**بەشی سێیەم/ لەم تەوەرانە پێکدێت:**

تەوەری یەکەم: ڕۆڵی دایك و باوکان، لە گرنگیدان بە چارەسەرکردنی گرفتی زمانی (ئۆتیزم).


تەوەری دووەم: ڕۆڵی سەنتەرەکان، لە چارەسەرکردنی منداڵانی ئۆتیزم.

لە کۆتایدا، کۆمەڵێك ئەنجامی تازەمان بەدەستهێناوە و خستوومانەتە ڕوو و لە کۆتاییدا سەرچاوەکانمان خستووەتە ڕوو.

### 1/1: سیستەمی زمانی چییە و چۆن کاردەکات؟

ڕۆچوونە بەناو یاساکانی دارشتنی زمان و پێکهێنانی یەکە دارێژراوەکانی بناغەی بنیاتنانی وشە و ڕستە و مۆرفیمە واتادار و ئەرکدارەکانی زمان هەڵدەسورێنێت، لە چوارچێوەی زانستی زمانی تیۆریدا بە پێی تیۆرەکانی چۆمسکی، لەبچوکترین دانەی زمانییەوە، کە دەکرێت پێیان بوترێت کۆدە زمانییەکان (فۆن، فۆنیم، برگە، مۆرفیم، وشە، گرێ و ڕستە) لە ڕێگای کۆمەڵێک کەناڵی هەستییەوە، بۆ ناوچە بەرپرسەکانی زمانی لەمێشکدا دەگوازرێنەوە، کە ئەوانیش بەتایبەتی لەڕێگای کەناڵی بیستن (هەموو دەنگە بیستراوەکان و نەبیستراوەکان) و لە ڕێگای کەناڵی بینین (هێما بینراوەکان) بۆ ناوچەی (وەرگرتن و تێگەیشتن و فێربون ) (ناوچەی ڤێرنیکا _ Wernicke’s Area) دەگوازرێنەوە، بەپێی سێ دورییەکانی وشە و هەر کۆدێکی زمانی مەرجی وەرگرتنی لەڕێگای کەناڵی بینین و بیستنەوە ئەوەیە، کە دەبێت منداڵ لەسەرەتای گەشەسەندنی زمانییدا هێما بینراوەکانی هەر فۆرمێکی زمانی دیاریکراو بەرامبەر بە ڕادەی توانای هزری لێکتێگەیشتن رووبدات، دەکرێت ئەم هاوکێشەیە بەڕێگای سێگۆشەی واتایی شیبکرێتەوە، کە هێما بەرانبەر بە فۆرمێکی بیستراو، بۆ ئەو یەکانەی، کە واتادارن و هەروەها بۆ ئەو یەکە زمانیانەی، کە واتادارنین خوێندنەوەی لێوی بۆ بکرێت، لە ئەنجامدا پرۆسەی تێگەیشتنی زمانی و نازمانی رودەدات، لێرەدا پرۆسەی گوازتنەوەی هێما واتادارەکان، لە چوارچێوەی فۆرمێکی دیاریکراودا، لەناوچەی وەرگرتن و تێگەیشتن و فێربوون دەگوازرێنەوە بۆ ناوچەی یادگەی درێژخایەن، کە پێی دەوترێت (ناوچەی ثالاموس) یان ( Thalamus ear) لێرەدا ئەگەر هاتوو کۆدە زمانییە، کە هەرسێ دورییەکانی نەگوازرایەوە ئەوا ئەو کۆدە زمانییە لەبری ئەوەی بگوازرێنەوە بۆ یادگەی درێژخایەن ئەوا دەگوازرێنەوە بۆ یادگەی کورتخایەن، کە پێی دەوترێت (short memory )
سەرئەنجام ئەو کۆدە زمانییانە ناگوازرێنەوە، بۆ یادگەی درێژخایەن واتە بۆ (ناوچەی ثالاموس (tall memory ) ) سەرئەنجام هیچ کۆدێکی نوێی زمانی لەیادگەی درێژخایەن کۆپی نابێت، ئەگەر هاتو منداڵ هەر سێ دوورییەکانی وشەی وەرنەگرت لە یەك کاتدا، وەك لە (وێنەی ژمارە یەك) ڕوونمانکردووەتەوە.

وێنەی سێ دورییەکانی وشە :





وێنەی ژمارە (1)

قۆناغی دوای ئەوە، ئەگەر هاتو لەنێوان (ناوچەی وەرگرتن و تێگەیشـــتن و فێربوون) ناوچەی (یادگەی درێژخایەن)دا، لە دەمارەگەیاندنەکاندا (Frontal) هیچ گرفت و گرژبوونێکیان نەبێت، ئینجا کۆدەکان لەژێر پۆلێنی بەشـــەئاخاوتنەکان بەپێی سیستەمی زمانی، لە ناوچەی یادگەی درێژخایەندا کۆپی دەبن و ڕیزدەبن. هەرکاتێك مرۆڤ پێویستی پێیان بوو، کە یەکەکانی

sjh@univsul.edu.iq

زمـان ڕیزبکـات و دایـانبڕێژێـت و کۆنکرێتیـان بکـات، ئەوە دەگەڕێنـەوە بۆ نـاوچەی یـادگەی درێژخـایەن و لەوێ کۆدەکـان هەڵدەهێنجێت و کەرســـتەکـانی تری زمـانیـان لێ درووســـتدەکـات. مرۆڤ بۆ لێکدانەوەی واتـا بەکـارهـاتووەکـانی چەمکە داڕێژراوەکانی پێشوو، کە بەکاریهێناوە، جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ ناوەڕاستەپل و لەوێ لێکدانەوەیان بۆ دەکات.

دوای ئەم قۆنـاغە ســـیســـتەمی زمـانی دەســـتدەکات بە بەرهەمهێنـانی کۆدە زمـانییەکـان، لە (نـاوچەی بەرهەمهێنـانی زمـانی- Broca’s Area)دا. دوای ئەوە لە ڕێگای کۆمەڵێك دەمارەگەیاندنەوە ئەم کۆدانە جارێکی تر دەگوازرێنەوە بۆ دوازدە جوت دەماری ماسولکەیی لە دەموچاو، کە هەر جوت دەمارێکیان بەرپرسە لە درکاندنی کۆمەڵێك دەنگ (فۆن)، کە دواجار لەڕێگای ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە (لێو، زمان، مەڵاشـــوو، ددان، تاڵە ژێیەکانی قورگـ...) ســـازگەیان بۆ درووســـتدەکرێت، لە ئەنجامی فڕێدانی تەوژمی ئەو هەوایەی، کە لە ســـییەکانەوە بە ماســـولکەکانی بۆڕیی هەناســـە و تاڵە ژێیەکانی قوڕگدا تێپەڕ دەبن و دەنگەکان درووستدەبن و لە دەم دێنە دەرەوە. ئەمەش کۆی پرۆسەی سیستەمی بەرهەمهێنانی زمان، لەلای مرۆڤدا.



وێنەی ژمارە (2)

sjh@univsul.edu.iq

### 2/1: کەی منداڵ توانای فڕێدانی کۆدە زمانەییەکانی هەیە لە سیستەمی زمانیدا؟

زمان سەنتەری بەیەکگەیشتنی هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. بۆ منداڵ، گرنگترین قۆناغ؛ بریتییە لە قۆناغی فڕێدانی کۆدە زمانییەکان، کە وەك ڕێڕەوێك منداڵ ئاراستەدەکات بەرەو قۆناغی گەشەسەندن، کە پێی دەوترێت (قۆناغی گەشەسەندنی زمانی) ئەم قۆناغە، بەپێی بەشێك لە توێژینەوەکان، لە تەمەنی سێ مانگی بەدواوە دەستپێدەکات، کە منداڵ لە ڕێگەی چاوەوە هێما بۆ هێماکراوەکان و لە ڕێگەی ئاماژەکانەوە لە دەوروبەر وەردەگرێت و لە هەمان کاتدا دەنگە سرووستییەکانی بۆ دەگوازرێتەوە دەستدەکات بە ڕاچلەکین لەکاتی بیستنی هەر دەنگێکی بەرزدا ئەگەر هیچ گرفتێکی لە کەناڵی بیستن (Hearing disorder) واتە تێکچوون لە بیستن نەبێت. هەندێك جار لە تەمەنی سێ مانگییەوە، هەندێك لە ئاماژەکانی وەك نیشانەکانی تێکچوون لە فرمانەکانی مێشك بەدیاردەکەوێت، وەك:

1. تێکچوون لە سیستەمی خەو.
2. گریانی زۆر و بەردەوام.
3. نەبوونی پەیوەندیی چاو لەگەڵ دەوروبەر (Communication)

بوونی ئەم سێ خاڵە، جێگەی هەڵوەستەکردنە، پێویستە بەهەند وەربگیرێت لەلایەن دایك و باوکانەوە.

وەك توێژینەوەکان دەریانخستووە، کە منداڵ لە سەرەتای لەدایکبوونەوە، کێشی مێشکی دەگاتە کەمتر لە نیو کیلۆگرام و لە شەش ساڵی یەکەمی تەمەنیدا دەگاتە 1.4 کگم. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە مێشك، زۆر بەخاوی گەشەدەکات بە بەرانبەر کێشی هەموو جەستەی منداڵ، کەواتە گرنگە لە قۆناغەکانی سەرەتای فێربوونی زمانیدا ئاگاداری بارودۆخی کەناڵە هەستییەکانی منداڵی ساوا ببین، بۆ ئەوەی لە هەر ئەگەرێکی تووشبوون بە گرفتی زمانی دووری بخەینەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لەکاتی هەبوونی ئەم نیشانانەی سەرەوە، پێویستە سەردانی پسپۆڕی منداڵان بکرێت، بۆ دڵنیابوون لە تەندروستیی منداڵ و مێشکیدا، چونکە سەرەتای گەشەسەندنی زمانی لەم قۆناغە دەستپێدەکات، بە وەرگرتنی کۆدە زمانییەکان لە دەوروبەر، بەپێی (تیۆری دی سۆسێر) منداڵ ئەو کاتە دەستدەکات بە گروگاڵکردن بە لاساییکردنەوە کۆدە زمانییەکانی دەوروبەر، کە لەم قۆناغەدا منداڵی ساوا ئاماژەکان لە دایك و باوکییەوە وەردەگرێت فێریان دەبێت. لێرەدا دەگەڕێنەوە بۆ وێنەی ژمارە (1) کە لە پێشوودا ئاماژەمان پێکرد، مەرجی فێربوونی کۆدە زمانییەکان وەرگرتنی سێ دووریەکانی یەکەکانی زمانە، لە ڕێگەی کەناڵەکانی بینین و بیستنەوە. بەپێی پرۆسەی لاساییکردنەوەی لێوی (Lip Reading) منداڵ دەنگە لێوییەکان (پ، ب، م) پێش هەموو دەنگەکانی تر دەکەون و منداڵ فێریان دەبێت، بەپێی سیستەمی (L. A. D) دەنگەکان لێکدەدات و بڕگەکانی زمان درووستدەکات، وەك بڕگەکانی (پاپاپا، پوپی، پەپە،... بابابا، بوبی، بەبە... ماماما، مومی، مەمە... هتد) فڕێیان دەداتە دەرەوە.

### 3/1: سیستەمی (L. A. D) چییە؟

زمان پردی پەڕینەوە و بەیەکەوە گرێدانی هەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانەیە، کەواتە مرۆڤ هەر لەخۆیدا بەر لە هەر هەنگاوێك هانا بۆ ئەوە دەبات چۆن بتوانێت پەیامەکەی بڵاوبکاتەوە و بیدرکێنێت. توانای مرۆڤ بۆ فێربوونی زمان لەسەرەتای قۆناغەکانی ژیانیدا دەستپێدەکات، بەهۆی ئەو توانا شاراوەیەی، کە مرۆڤ لەسەر بناغەی توانست بەرهەمیان دەهێنێت. بەتایبەتی کاتێك منداڵ لە پرۆسەی

sjh@univsul.edu.iq

زمانوەرگرتندا (زمان بژاندن و زمان فێربوون)، بەبێ ئاگالێبوونی خۆی لە مێشکیدا وەریان دەگرێت.(محەمەد مەحوی: 2006، 13 - 15). مەبەست لەوە ئەوەیە، کە منداڵ لەگەڵ لە دایکبوونیدا خاوەن عەقل و تێگەیشتنە زمانیش نەستێکی غەریزەییە (Dannd.steinbegigg:94-99)، کە بەهۆی ئامرازی بەدەستهێنانی زمانەوە وەردەگرێت و کاری پێدەکات کە پێی دەوترێت (L.A.D). (جهاز الأكتساب اللغه -Language Acquisition Device) ئەمەش ئەو ئامێرە کردارییەیە، کە لە ڕێگایەوە مرۆڤ ئەتوانێت توانای گوتن و تێگەیشتن و فێربوونی بۆ زمان هەبێت. لە ڕێگای مەڵبەندەکانی بینینەوە وێنەی دەنگ و وشەکان ڕەوانە دەکات و مەڵبەندی بیستنیش شەپۆلەکانی دەنگ ڕەوانە دەکات بۆکەنالەکانی بیستن، بۆیە لە نێوان هەرسێ کەناڵی بینین و بیستن و ئەندامەکانی گوتن، بە پەیوەندیی ناراستەوخۆی نێوانیان کرداری ئاخاوتن بەهۆی یەکە ڕێزمانییەکانەوە هەر لە بچوکترین یەکەی ڕێزمانییەوە تا گەورەترین یەکەی ڕێزمانی، بەشێوەیەکی گونجاو کردارە یەك لەدوای یەکەکانی گوتن ڕوودەدات. بەڵام گوتنەکان ناکامل و نادروست دەبن، ئەگەر ئەو کەسە بەدەست گیروگرفتەکانی گوتنەوە بناڵێنێت.(محمد حسن غانم: 2006، 110). تیۆری (لاد) (LAD) بریتییە لەو توانا سروشتییەی مێشك، کەوا دەتوانێ زمان گەشە پێبکات و توانای زمانییەکەی بەرهەم بهێنێت. چۆمسکی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مرۆڤ هەر لەگەڵ لەدایکبوونیدا ئەو غەریزەیەی لەگەڵدایە بۆ فێربوونی زمان و بەدەستهێنانی یاسا ڕێزمانییەکان و کۆمەڵێ کرداری لێکچراو و یەکەهاوشێوەکانی زمان دیاری دەکەن. ئەوەش ئەوە دەردەخات، کە هەموومان توانایەکی غەریزەییمان هەیە بۆ تێگەیشتن و فێربوونی زمان (Mick. Randall: 2007:p40) کەواتە (LAD) (هۆکاری پێشوەختەی فێربوونی زمانە لای مرۆڤ، بەشێوەیەکی بۆ ماوەیی لە مێشکی مرۆڤدا کاردەکات، خۆڕسکە و ئەو پرۆسەیە هەڵدەسوڕێنێ. وا دەکات منداڵ بۆ خۆی یاسا و ڕێسا لەو داتا و زانیارییانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە هەڵبهێنجێت). (ە. ج. ویدۆسن، هۆشەنگ، هۆشەنگ فاروق: 2008، 18)، ئەمە بناغەیەکە بۆ منداڵ، کە بۆ سەرەتای قۆناغەکانی گروگاڵکردن زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی لە سەرەتای گەشەکردنییەوە ئەم داتایانەی لە مێشکی دروست ببێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لەم قۆناغەدا لە ڕێگای کۆد و (جفرە)کانەوە وردەوردە دەست بە درکاندن بکات، بەپێی بیروڕای چۆمسکی لە ڕێگای کۆمەڵێك نیشانەوە (Parameter)، کە سنووردارن لە ژمارەدا دیاری کراون بەشێکیشن لە پێکهاتەی بۆ ماوەیی مرۆڤ، کە بەشێوەیەکی سروشتی لە مێشکی مرۆڤدا بە چەسپاوی هەن و زمان دەستنیشاندەکەن. هەر لەبەر ئەوەشە زمان پەیوەستە بە ئاوەزی مرۆڤەوە. هەر بۆیە مێشك کۆنترۆڵی قسەکردن و زمان دەکات. (Scovel:2009:71-72) لەگەڵ هەموو ئەوانەی، کە لە سەرەتای فێربوونی زماندا ئاماژەمان پێکرد ، مرۆڤ دەبێت توانای بەدەستهێنانی زمانی هەبێت. کەواتە لەگەڵ توانای بەدەستهێنانی زمان مرۆڤ دەبێت توانای بەکارهێنانی زمانیشی هەبێت ئەمەش بەشێوەیەکی سەرکەوتوو دەکەوێتە سەر ئەو فەرهەنگی وشەیەی کە مرۆڤ لەسەرەتای گەشەکردنی تەمەنیدا وەریان دەگرێت، بریتین لە هەموو یەکە زمانییەکانی وەك، فۆنیم، مۆرفیم و ڕستە، بۆیە منداڵ بۆ یەکەمین جار پێش هەموو شتێك زمان فێر دەبێت واتە پێش ئەوەی کە لەگەڵ خۆیدا بیربکاتەوە فێری زمان دەبێت. (احمد شوقی رجوان: 1991، 7). گومان لەوەدا نییە لەگەڵ گەشەکردنی مێشکی منداڵ زمانەکەشی گەشە دەکات هەنگاوبەهەنگاو قۆناغەکانی فێربوونی زمان دەبڕێت، تا دەگاتە تەمەنی (10 - 13) ساڵ مێشکی منداڵ لە گەشەکردندایە، چونکە گەشەی مێشکی مرۆڤ تا ئەو تەمەنە ناوەستێت بەبەردەوامی گەشەدەکات (Scovel:2009:71-90) کەواتە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زمان دیاردەیەکی غەریزەییە توانایەکە بۆ درکاندنی ئەو دەنگانەی، کە لە ڕێگای کەناڵەکانی بیستنەوە بەگوێ دەگات، کەواتە لێرەدا دەبێت باس لەوەش بکەین کۆمەڵێك هۆکار هەن کە توانای فێربوونی زمان زیاتر دەکەن لای مرۆڤ و دەبنە پارمەتیدەر لە پاڵ توانا غەریزەییەکە بۆ فێربوونی زمان، وەك ئەم هۆکارانەی کە ئاماژەیان پێ دەکەین.

sjh@univsul.edu.iq

**4/1: تێکچوونی زمانی، لەلای منداڵانی پەروەردەی تایبەت.**

پەروەردەی تایبەت چییە؟

لە زمانی ئینگلیزی پێیدەگوترێت (Special Education)، کە کۆمەڵێك پرۆگرامی پەروەردەی تایبەتە بۆ ئەو کەسانەی توانای جێبەجێکردن و رێکخستن و پلاندانان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان نییە، یان لاوازە، لەپێناو یارمەتیدان و پەرەپێدانی تواناکانیان بۆ گەشەسەندنی لایەنی هزری و جەستەیی و دەروونی، تاوەکو پێداویستییەکانی خۆیان بگەیەننە کەسانی دەوروبەر، بۆ ئەوەی کاری رۆژانەیان رابپەڕێنن، بە هاوکاریی ئەو تاکانەی کە بەرکەوتنیان لەگەڵ دەبێت. پەروەردەی تایبەت بۆ ئەو کەسانەیە، کە ناتوانن پرۆگرامە گشتییەکانی فێرکردن بە ئاسانی وەربگرن، بەڵکو پێویستیان بە کۆمەڵێك (پەیڕەو و بنەمای فێرکردن)ی تایبەت هەیە، تاوەکو ئەوانیش وەك هەر تاکێکی تری کۆمەڵگە، لە کۆمەڵگە دانەبڕێن. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، کە تیایدا (ایتارد) بووە سەرچاوەی دەستنیشانکردنی پەروەردەی تایبەت، هەروەها (سیجان) گرنگیدانەکانی بووە مەڵبەندێك بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی منداڵانی دواکەوتەی ژیری، (مۆنتیسۆری)یش بە یەکەم ئافرەتی ئیتاڵی دادەنرێت، کە لە بواری پزیشکیدا، گرنگی بە لایەنی فێرکردنی منداڵانی ئاسایی و دواکەوتەی ژیری داوە.



ماریا مۆنتیسۆری



جان ایتارد

حاڵەتەکانی تێکچوونی منداڵانی پەروەردەی تایبەت زۆرن و دەکرێ گرنگترینیان بخرێنەڕوو، وەك:

1. دواکەوتەی ژیری.
2. دواکەتەی زمانی.
3. نابیست.
4. زمانگیری.

sjh@univsul.edu.iq

5. ئۆتیزم.

6. ئیفلیجی مێشك.

... هتد

بەهۆی ئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە باســـی تێکچوونی زمانییە، بەتایبەت لەلای منداڵانی ئۆتیزم، پێویســـتە تەنها باســـی ئۆتیزم بخرێتەڕوو.

**1/2: ئۆتیزم چییە؟ نیشانەکانی چین؟**

کۆمەڵەیی ئەمریکی بۆ ئۆتیزم (1999) بەم شێوەیە پێناسەی ئۆتیزم دەکات: بریتییە لە تێکچوونی گەشەی مێشك، کە کاردەکاتە سەر کار و فرمان و چالاکییەکانی مێشك، بەهۆی تێکچوونی دەمارەخانەکانەوە کاریگەریی دەخاتە سەر ئەرکەکانی دەماغ و دەبێتە هۆی لاوازیی پەیوەندیی زمانی و نازمانی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و وەســـتان لەســـەر یەك ڕێچکەی خەیاڵ. ئەم حاڵەتە، منداڵ لە گەشـــەکردنی ڕادەی ژیری و هەموو پەیوەندییە ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆکان لەگەڵ دەوروبەر و گەشـــەی فێربوون و گەشـــەی کۆمەڵایەتی و درککردن و گوتن دوادەخـات یـان بەتەواوی ڕایـدەگرێـت. لە زمـانی گریکی واتە (Autos) بە واتـای دەروون بەکار هـــــــاتووە، بەڵام واتاکەی بۆ (شڵەژان و ڕەفتار)، کە ئەمڕۆ بە ئۆتیزم ناسراوە. بۆ یـەکـەمـجـار لەلـایـەن(لـیـۆ کـانـنـەر-Leo Kenner)ەوە لـە ســاڵــی (1943) وشـــەی ئۆتیزمی بەرانبەر بەو نەخۆشییە بەکارهێنا. هەندێك لە شارەزایانی ئەم نەخۆشییە بە شـەلەلبوونی دەماغ ناوی دەبەن، بە تایبەتی کە لە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا بەدیاردەکەوێت و بەپێی جۆری ئۆتیزمەکەی لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت. لەڕووی زمانەوە توانای قســـەکردنی زۆر لاوازە و بەپێی جۆرەکانی ئۆتیزم ڕێژەی تێکچوونی زمانەکەی دەگۆڕێت و کار لە گوتنی دەکات. هەندێك لە پســـپۆڕان پێیانوایە، کە ئۆتیزم وەك نەخۆشـــییەکی دەمارگیری دەروونی دادەنرێت و لەگەڵ لەدایکبوونی کۆرپەلەدا دەشێت بوونی هەبێت.

**نیشانەکانی ئۆتیزم:**

1- وەڵامدانەوەی بۆ هیچ دەنگێکی دەوروبەری خۆی نییە، هەرچەند گوێی لەو دەنگانەش ببێت.

2- هەمیشە حەز بە گۆشەگیری دەکات.

3- زۆر کەم یان هەرگیز قسەناکات، ئەگەر قسەش بکات زۆر دووبارەیان دەکاتەوە.

4- بەردەوام هەندێك شتی تایبەت بەخۆی هەیە، حەزدەکات بیان پارێزێت.

5- لەڕووی هەست و سۆزدارییەوە هیچ وەڵامدانەوەیەکیان بۆ کەسانی دەوروبەر نییە.

6- توانای پلاندانانیان نییە بۆ داهاتوو، یان ڕێکخستنی بابەتێك.

7- گریان و تووڕەبوون و پێکەنینی بێهۆکار، لەکاتی دیاریکراودا.

sjh@univsul.edu.iq

8- ڕۆیشتن لەسەر نووکی پەنجە.

9- ڕەفرەفە (جوڵان)ـی دەستەکانی و تێڕامان لێی.

10- ڕاکشان لەسەر زەوی و تێڕامان لە سوچێکی خەیاڵکردندا.

11- خەیاڵکردن لەگەڵ کەلوپەلە خولاوەکانی دەوروبەری (بە نموونە پانکەی ماڵ)

12- خولانەوە بە دەوری خۆی یان کەلوپەلێکی ماڵەوە.

13- لە ڕێژەیەکی زۆردا، دەگاتە ئاستێك کەلوپەلی پیس بخاتە دەمی و هەوڵدەدات بیخوات (بە نموونە کلێنس).

14- ئەگەر پێنووس بگرن، لەسەر شێوەی بازنەیی پێنووسەکە دەخولێننەوە و هەندێکجار لەسەر ئاراستە پێچەوانە پێنووسەکە لە دوو خاڵی دیاریکراودا، بێ دەستهەڵگرتن هێڵ دەکێشن.

15- سەرنجنەدانی نیگای چاوی بەرانبەر لەکاتێکدا، کەسی بەرانبەر دەیدوێنێت.

16- دەربرینی کۆمەڵە دەنگ و وشەیەکی بێواتا لەبەرخۆیەوە.

17- بێزاربوون لە جلوبەرگی ژێرەوە و گۆرەوی و پێڵاو، لەبەرکردنەوەیان.

18- ترسان و خۆبەدوورگرتن لە دەنگی بەرز.

19- خوجولاندن بە یەك ئاراستە (بۆ پێشەوە و دواوە) بێ ئەوەی بێزار ببن.

20- خۆئازاردان بەشێوەی (گازگرتن لە ئەندامەکانی لەشی بە تایبەتی دەست).

21- توانای وەرگرتن و لاساییکردنەوەی کەسانی دەوروبەریانیان نییە.

22- سیستەمی زمانی لای منداڵانی ئۆتیزم، ناجێگیرە و شڵەژان تێیدا ڕوودەدات و یاساکانی زمان جێبەجێ ناکات.

23- منداڵانی ئۆتیزم زۆرترین ژمارەی ئەو کەسانە پێکدێنن کە تووشی هەستکردن بە دڵەڕاوکێ دەبن.

24- نەبوونی هەست بە مەترسی لە ئاژەڵی مەترسیدار.

25- سەرڕاوەشاندن و گازلێدان لە دەست و پەنجەکانی.

26- حەزی لە پۆشاکی گەرم نییە، بە شێوەیەکی گشتی هەستدەکات ئازادبێت لە هەموو شتێك، تەنانەت جلوبەرگیش.

27- قبوڵی هیچ شتێکی نوێ ناکات (جێگەی خەوتن).

28- ڕێگایەك دەدۆزێتەوە بۆ وەرگرتنی پاڵەپەستۆ سەپاو بەسەر لاشەیدا.

29- تامی شتانێکی نامۆ دەکات وەك: گەچی دیوار- کلێنس- پەردە... (کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان،22،2015)

**2/2: تێکچوونی سیستەمی زمانی، لەلای منداڵانی ئۆتیزم.**

هەروەك لە پێشوودا ئاماژەمان پێدا، زمان خۆی لەخۆیدا سیستەمێکی دیاریکراوی هەیە و بەهۆی یاساکانی ئەو زمانە، سیستەمەکە بەڕێوەدەچێت، بەڵام لەلای منداڵانی ئۆتیزم شڵەژان ڕوودەدات، تێکچوونەکان گەشە دەکەن وا لە منداڵی ئۆتیزم دەکات، کە سەرەکیترین نیشانەی بریتیبێت لە تێکچوونی زمانی، بۆیە گۆڕانکاری بەسەر یاساکانی زمان دادێنێت، کە بەسەر سێ جۆردا دابەش دەبن، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** بەشێك لە منداڵانەی، کە بە هۆکاری بۆماوەیی یان خراپیی باری لەدایکبوون (نەمانی ئۆکسجین، گرتنی زەردوویی بە ڕێژەیەك سەرووی 17 پلە بێت، یان هەر هۆکارێکی تری فسیۆلۆجی، کە کاربکاتە سەر بەشەکانی بەرپرسی زمانی لە مێشك) یان گەشەنەکردنی مێشکی کۆرپەلە لە منداڵدانی دایکیدا، ئەوا لە بنەڕەتدا ئەم منداڵە گرفتی لە (وەرگرتن، تێگەیشتن، فێربوون) بۆ دروستدەبێت هەر لە سەرەتاکانی گەشەسەندنی کۆرپەلە دوای منداڵبوون، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ دروستبوونی تێکچوونی زمانی، کە وا لە منداڵ دەکات لە تەمەنی سێ مانگیدا کۆدە زمانییەکان وەرنەگرێت و وێنەی هێماکانی دەوروبەری بۆ نەگوازرێتەوە لە ڕێگەی کەناڵی بینینەوە، دەنگەکانیش ڕەنگە هەندێك جار نەگوازرێنەوە بۆ کەناڵی بیستن، بەتایبەت ئەگەر لە بارودۆخێکدا گرفتی لە بیستن هەبێت.


**دووەم:** هەندێك لەو منداڵانەی، کە گرفت لە ماسولکەکانی قسەکردنیان هەیە، وەك:

أ- ماسولکەی زمان: ئەو ماسولکەیەیە، کە بەرپرسە لە دروستکردنی سازگەی هەموو ئەو دەنگانەی، کە بە بەریەککەوتنی ماسولکەی زمان و یەکێك لە ئۆرگانەکانی ئاخاوتن دروستدەبێت.


ئەو بارودۆخانەی، کە ماسولکەی زمان گرفت دروستدەکات:

1- شێوەی زمان: ئەگەر هاتوو شێوەی زمان خڕ و ئەستوور و کورتبێت، یان سەری زمانی تەخت و کورتبێت، یان دووکەرت و ئەستوور بێت، ئەوا ئەو تووشبووانەی، کە خاوەنی ئەوشێوە زمانانەن لەسەرەتای گەشەسەندنی زمانیاندا گرفتیان بۆ دروستدەبێت و بەپێی کات پەیوەندییان لەگەڵ دەوروبەر کەمدەبێتەوە، تا تەمەنیان دەگاتە دوو ساڵ، ئەم ماسولکانە ڕۆڵی دروستکردنی دەنگەکانی زمان و سازگەی پیتەکان نابینن، بۆ نموونە: کاتێك سەری زمان خڕ و ئەستوور و کورتە؛ ناگات بە ڕیزە ددانی سەرەوە و پوك ومەڵاشوو، ئەوا سازگەی ئەم پیتانە (ل، ڵ، ر، ڕ، ن، چ، ج، ت، ط، د، ش، ژ...) درووست نابن. ئەگەر سەری زمان تەخت و کورتبێت، بەدەر لەم پیتانەی ئەم چەند پیتەش دروست نابن (س، ز، ث، ذ، ظ، ض...). ئەگەر زمان دووکەرتبێت، ئەوا هەموو ئەو پیتانەی سەرەوە و (ك، گ، خ، غ)یش دروست نابن، کە سەرجەمی پیتەکان دەبنە (22- بیستودوو پیت) ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە، کەوا لە منداڵ بکات دواکەوتووی گەشەی زمانی توش ببێت، کە هۆکارە بۆ دروستبوونی سەرەتای تێکچوونی ڕەفتاری لە منداڵدا، کە لە دواتردا ئاماژە بە نیشانەکانی تێکچوونی ڕەفتاریی ئەو منداڵانە دەکەین پێش قۆناغی ئۆتیزم، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر شێوەی ئەم زمانانە، چەند نموونەیەکی زیندووی کارپێکراوی ژێر ڕاهێنانی زمانی دەخەینە ڕوو، وەك لەم وێنانەی خوارەوە دیارە:

sjh@univsul.edu.iq


(زمانی کورت و ئەستوور)


(زمانی تەخت و کورت)


(زمانی دووکەرت و ئەستوور)

ب- ماسولکەکانی قسەکردن: ئەو ماسولکانەن، کە دەکەونە هەردوو لای ڕووخسار، ژمارەیان (12) جوتدەمارە ماسولکەیە، کە هەر جووتدەمارێکیان بەرپرسن لە دروستکردنی کۆمەڵێك دەنگ. تا ئێستا لەژێر تاقیکردنەوەی زانستیدایە، بۆ سەلماندنی ئەوەی لە دابەشبوونی پیتەکان، کام پیتە بەر کام لەم ماسولکانەی قسەکردن دەکەوێت و درووست دەبێت. ئەگەر هاتوو منداڵ تا دوو ساڵ ئەم ماسولکانەی بەکارنەهێنا، ئەوا دوچاری دواکەوتنی گەشەی زمانی دەبێتەوە، کە ئەمیش دووبارە هۆکارە بۆ تێکچوونی ڕەفتاری و نەمانی پەیوەندیی چاو و گرژبوونی ماسولکە و دەمارەکانی دەموچاو، کە هەندێك جار دەگاتە ئەو ئاستەی منداڵ گرفتی لە نانخواردنیش بۆ درووست ببێت.

بە گرژبوون و سستبوونی ئەم ماسولکانە توانای ئەو دەنگانەی، کە لێیان بەرپرسن، لەدەستدەدەن. واتە هەر گرفتێك لە یەکێك لەم خاڵانەی سەرەوە درووست ببێت، گرفت لە زمانیش درووست دەبێت، بەمەش ئەم گرژبوونە کاریگەریی دەخەنە سەر ڕەفتار و لە دەوروبەر دووریان دەخەنەوە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان لاواز دەکەن لە سەرەتادا، ئەمەش وا لە منداڵ دەکات، کە ئەوەندەی تر ماسولکەکانی بەکارنەهێنێت، بەمەش گرژبوون و سستبوون لە ماسولکەکان زیاتر ڕوو دەدات. لە هەمان کاتدا پەیوەندیی چاو لەگەڵ چاو و ڕێژەی بیستن لەگەڵ دەنگەکانی دەوروبەر نامێنێت یان وردەوردە کەم دەبێتەوە، تا ئاستێك دایك و باوك وا هەستدەکەن منداڵەکانیان نابیست بن، لەبەرئەوە چەندین جار لە کاتی بانگکردندا، ئەم منداڵە هیچ ئاوڕدانەوەیەکی نامێنێت و لە جیهانی خۆی دەمێنێتەوە، بە هیچ شێوەیەك وەڵام ناداتەوە، یان هەندێکجار زۆردرەنگ وەڵامدەداتەوە. ئەمەش وا لە منداڵ دەکات ڕێژەی وەرگرتنی نەمێنێت، بەمەش کۆدە بیستراوەکان ناگوازرێنەوە بۆ ناوچەی (وەرگرتن و تێگەیشتن و فێربوون- Wernicke's area)، کەواتە ئەگەر وەرگرتن نەبێت، تێگەیشتن نابێت، ئەگەر تێگەیشتن نەبێت، فێربوونیش نابێت.

### 1. ئیکۆلالیا (لفظ صدوی) (Echolalia) چییە و بۆچی منداڵی ئۆتیزم دەبێت بە ئیکۆلالیا؟

دووبارەکردنەوەی هەمان وشەی کەسی بەرانبەرە، یان دووبارەکردنەوەی هەمان برگە و گرێی زمانی لە ناوەڕاستی قسەکردندا. یەکێکە لەو دیاردە دەنگییانەی، کە هەندێك جار پەیوەندیی هەیە دووبارەکردنەوەی جوڵە خۆجێییەکان کاتێك کەسێك ئەنجامیان دەدات و لاسایی کەسی بەرانبەر دەکاتەوە. وشەی (ئیکۆلالیا) وشەیەکی دارێژراوی (گریکی)یە، (ئیکۆ- Echo)کە بە واتای دووبارەکردنەوە

دێت و (لالیا- lalia) بە واتای وتار یان قسەکردن دێت. لە بنەڕەتدا بە (Laleo) بەکارهاتووە، کە بە واتای قسەکردن دێت. کە لە ئەنجامی دواکەوتنی گەشەی زمانی درووستدەبێت، کە بەمشێوەیەیە، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو لە منداڵێکی ئۆتیزم بپرسین (ناوت چییە؟) یان (حەزت لە چییە؟) یان ناوی دایك و باوکی بهێنێت، ئەوا هەمان ئەو وەڵامەت بۆ دووبارە دەکاتەوە کە قسەکەر لێی دەپرسێت.

– ناوت چییە؟ (قسەکەر)

+ ناوت چییە. (گوێگر- ئیکۆلالیا)

_ حەزت لە چییە؟ (قسەکەر)

+ حەزت لە چییە. (گوێگر- ئیکۆلالیا)

ئەمەش لەوەوە سەرهەڵدەدات، کە لە بنەڕەتدا بەشێکی ئەم منداڵانە لە پرۆگرام و ڕاهێنانی هەڵە لە سەنتەرەکان فێردەکرێن بە تایبەتی بە ڕێگەی پرۆگرامی (وێنە- Pics) کاتێك کە نیشانی منداڵی ئۆتیزم دەدرێت و ڕاهێنەر لێی دەپرسێت ئەو وێنەیە چییە؟ یان ناوت چییە؟ یان هەر پرسیارێکی تری لێدەکات، لە ئەنجامدا لەبەرئەوەی ئەو منداڵانە هێشتا لە ڕووی وەرگرتن و تێگەیشتن و فێربوونەوە ناوچەی (Wernicke's area) بەتەواوی کارناکات و توانای لێکدانەوەیان بۆ هێماکانی دەوروبەر نییە، لە کاتێکدا ڕاهێنەر دێت چەمکەکانی زمانی فێردەکات لەسەر هێمای وێنەکان، ئەمە لەلایەکەوە هێماکان وەردەگرێت بەبێ ئەوەی لێیان تێبگات و لە ناوچەی (Wernicke's area) شیتەڵیان بکات و لێکدانەوەیان بۆ بکات، تەنها وشەکە دووبارەدەکەنەوە. ئەمەش وادەکات لەسەر ئەو بنەمایە ڕابێن و تەنها کۆدە زمانییەکان لەو کاتانە بەکاربێنن، کە هێمای ئەو کۆدە زمانییەی نیشان دەدرێت، ئەگەرنا لە کاتەکانی تردا واتای هێماکەی لەبیر نامێنێت، چونکە لە بنەڕەتدا هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، دیوێکی سێگۆشە واتاییەکە، کە واتای کۆدەکانە، ناگوازرێتەوە بۆ ناوچەی (Wernicke's area) بەمەش وشەکان ناچنە ناو ناوچەی یادگەی درێژخایەنەوە(Tall Memory)، بەڵکوو دەچنە ناو یادگەی کورتخایەنەوە (Short Memory) بەمەش فۆرمە زمانییەکە چەند ڕۆژێك لەلای منداڵی ئۆتیزم بەکاردێت و دواجار لەبیری دەچێتەوە یان لەبیری دەسڕێتەوە، هەر بۆیە هیچ کۆدێکی زمانی لە یادگەی درێژخایەنیدا کۆپی نابێت و هەڵناگیرێت. ئەمە کۆمەڵێك خاڵی نەرێنیی بەدوای خۆیدا وەك ماکێك لەسەر ڕەفتار و زمانی منداڵی ئۆتیزمدا درووستدەکات:

1. هەرگیز بەم ڕێگا و پرۆگرامە چارەسەری زمانی بۆ منداڵی ئۆتیزم ناکرێت، بە پێچەوانەوە گەشەی زمانی دوادەخات.
2. سیستەمی زمانیی منداڵی ئۆتیزم دەکاتە سیستەمی ئیکۆلالیا.
3. ئامێری بەرهەمهێنانی زمانی(L.A.D)یەکەی منالّی ئۆتیزم لەناودەبات و وایلێدەکات کە خۆی وشەی نوێ بەرهەمنەهێنێت، بەتایبەتی بەشەئاخاوتنەکانی وەك: کار، ئامرازەکان، هاوەڵکار و هاوەڵناو.
4. ئەمە وادەکات هەست بە باشوونی یان گۆڕانکاریی منداڵەکە نەکرێت، هەر لەناو پرۆسەی ئۆتیزمدا بمێنێتەوە.
5. سیستەمی زمانی تەنیا بریتی نییە لە وشە هێمادارەکان، کە تەنیا بەشی ناو دەگرێتەوە ئەگەرنا گشت بەشەکانی تر هێماکانیان لە چوارچێوەی ئەنجامدانی کردارەکان، واتاکانیان ڕووندەکرێنەوە.

sjh@univsul.edu.iq

6. منداڵانی ئۆتیزم، لە بنەڕەتدا گرفتیان لە دەربڕین هەیە نەك لە قسەکردن بە تەنها، یان منداڵانی ئۆتیزم بەر لە قسەکردن، گرفتیان لە دەربڕین هەیە، کە پێی دەوترێت (Articulation disorder) (اضطرابات النطق)، بۆیە زۆرجار ڕاهێنەر، کە بە ڕێگای وێنە هێمایەك نیشانی ئەو منداڵانە دەدات و ناوی ئەو پێداویستییە دەڵێت بۆ ئەوەی منداڵەکە دووبارەی بکاتەوە، لێرەدا ڕەچاوی ئەوە ناکرێت، کە ئەم منداڵە لەکۆی هەموو پیتەکانی زمان ڕەنگە چەند پیتێکی هەبێت هەموو پیتەکانی ئەو وشانەی نییە، کە ڕاهێنەر بە وێنە نیشانی دەدات، بۆیە تەنیا هێماکان دەگوازرێنەوە بێ ئەوەی لە واتای وشەکان تێبگەن، بەمەش هەرگیز زمان بەرهەم نایەت لەلای ئەو منداڵانە.

**3/2: بنەماکانی گەشەسەندنی سیستەمی زمانی، لەلای منداڵانی ئۆتیزم.**

بنەماکانی درکپێکردن (الأدراك) و وەرگرتن (إستعاب) و تێگەیشتن (الفهم) و فێربوون (التعلم):

زاراوەی (درکپێکردن) (الأدراك) ئاماژە بۆ کردنی زانیارییەکان وگوتنەوەیان و دوبارە کردنەوەیان جارێکی تر و وەرگرتنی زانیارییەکان و پوختەکردنیان، بۆ ئەوەی بگاتە بیرۆکەی بە ئامانج و پەیوەندیدار بە جیهانی دەوروبەر، چونکە ئەو منداڵانە زۆر هەژارن لەم هەستەدا، هەر لەبەر ئەوەشە بەزەحمەت دەتوانن پێشبینی ئەنجامەکان و ڕووداوەکان بکەن. ئەمەش هەستکردن بە دڵەراوکێ و نائارامیی زیاتری لێدەکەوێتەوە. هەر هەموو ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر زمان و گرانیی فێربوون و خوێندنەوە هەیە، بۆیە ئەم منداڵانە سەرکەوتوو نین لە ئاخاوتن دا تەنانەت ئاماژە پێکردنی چاوەکانیشیان بە هیچ شێوەیەك بەکار ناهێنن، هیچ ئەرکێك ناکێشن لە هاوبەشیکردنی هەر چالاکییەك لە تەك بەکارهێنانی زمانەکەیدا لە تەك بەکارهێنانی یاساکانی ڕستە و وشە و گرێیەکاندا و ناوەڕۆکی قسە کانیان ئاڵۆزە وەك لە جێناوەکان و بەکارهێنانیان لە ناو ڕستەدا و لە دەستپێکردنی قسە لەگەڵ بەرامبەرەکانیان بێتوانان، کەواتە بریتییە لەو توانا غەریزییەی، کە بە مانای کۆکردنەوە و هەڵهێنجان یان ڕاکێشانی هەموو ئەو زانیارییانە دێت، کە لە ڕێگەی کەناڵی (بینین- هێمای وشە بینراوەکان)، لە ڕێگای کەناڵی(بیستن- هێمای وشە بیستراوەکان)، بۆنکردن، تامکردن، بەرکەوتن، دەگوازرێنەوە بۆ ناوچەی وەرگرتن. دوای لێکدانەوەیان لە ناوچەی (Wernicke's area)دا دەگوازرێنەوە بۆ ناوچەی یادگەی درێژخایەن، ئەگەر هاتوو ئەو زانیارییەکان لە هەر سێ لای سێگۆشەی واتایی گوازرایەوە بۆ ناوچەی (وەرگرتن و تێگەیشتن و فێربوون)، وەك لە وێنەی ژمارە (1) ئاماژەمان پێ کرد، ئەوا ڕاستەوخۆ ئەو زانیارییانە دەگوازرێنەوە بۆ ناوچەی یادگەی درێژخایەن (Thalamus area)، بەڵام ئەگەر بەم سێگۆشەیەدا نەڕۆن، واتە هەر دیوێك لە دیوەکانی چەمکی سێگۆشەی واتایی وشەکان، کە بریتین لە (فۆڕم، هێما و واتا) بەشدار نەبن لە پرۆسەی (وەرگرتن و تێگەیشتن و فێربوون) ئەوا زانیارییەکان ناچێتە ناو یادگەی درێژخایەن و دەچنە ناو یادگەی کورتخایەن (SHORT MEMORY) بەمەش زانیارییەکان، بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لەم یادگەیە دەمێننەوە و دواتر لەناو دەچن، دەبینین بەهۆی ئەوەی منداڵانی ئۆتیزم ناتوانن ماوەیەکی دیاریکراو سەیری ئاراستەکان بکەن، بەڵکو لە یەك کاتدا زیاتر لە شتێك دەبینن، هەر بۆیە زۆر جار بەشێك لەو منداڵانەی، کە گرفتی ئۆتیزمیان هەیە، لە کاتی ڕاهێناندا چەمك و وشە و زاراوەی زمانییان فێردەکرێت، ئەو یەکە واتادارانەی کە هێمادار نین، وەکوو بەشەئاخاوتنی (هاوەڵناو- هاوەڵکار- کار) بۆیان ناگوازرێتەوە، بەمەش تێگەیشتنیان نابێت بۆ ئەم یەکە واتاییانە، کاردانەوەشیان نابێت لەسەر ئەنجامدانی کردارەکان، یان لە هەمان کاتدا کاتێك (ڕاهێنەرێك- دایك و باوك) دەیەوێت ئەو منداڵانە کۆدە زمانییەکانی بە دوایاندا دووبارە بکەنەوە، لەبەر بوونی گرفتی گرژبوونی ماسولکەکانی قسەکردن لە دەموچاو و ماسولکەی زماندا توانای لاساییکردنەوەی کۆدە زمانییەکانیان نییە، لەگەڵ دەوروبەردا. دیسانەوە لێرەدا دیوێکی تری سێگۆشەی واتایی، کە (فۆرمە

sjh@univsul.edu.iq

گوتراوەکانە) دووبارە ناکاتەوە، بەمەش دیوێکی تری یەکە واتادارەکان ناگوازرێنەوە بۆ ناوچەی (وەرگرتن و تێگەیشتن و فێربوون)، هەر بۆیە وشەکە لەبری ئەوەی بچێتە ناوچەی یادگەی درێژخایەن (Tall Memory) ئەوە دەچێتە یادگەی کورتخایەن ( Short Memory)، بەمەش تێگەیشتنیان بۆ ڕووداوەکانی دەوروبەر نامێنێت و ناوچەی بەرهەمهێنانی زمانییەکەی ئەو منداڵە هیچ کۆدێکی زمانی بەرهەم ناهێنێت. کەواتە پرۆسەی سیستەمی بەرهەمهێنانی زمانی بەمشێوەیەیە:

سەرەتا بنەمای وەرگرتن، گشت زانیارییە بەکۆدکراوەکان وەردەگرێت و لە ناوچەی (Wernicke's area) لێکدانەوەیان بۆ دەکات و پرۆسەی تێگەیشتن ڕوودەدات و جارێکی تر شیتەڵیان دەکات و لەگەڵ زانیارییە وەرگیراوەکانی پێشووتر لێکیان دەدات و پرۆسەی فێربوون درووستدەبێت، دوای فێربوون زانیارییەکان بەکۆد دەکرێن و پۆلێن دەکرێن لە ناوچەی یادگەی درێژخایەندا، بەپێی بەشەکانی ئاخاوتن، ناو لە شوێنی ناو و هاوەڵناو لەشوێنی هاوەڵناو...هتد هەڵدەگیرێن، دواتر بۆ ناوچەی بەرهەمهێنانی زمانی لە ڕێگەی فرۆنتەڵەکان (دەمارەگەیاندن) دەگوازرێنەوە، ئەگەر هیچ گرفتێك لە دەمارە گەیاندنەکاندا نەبێت. لە ڕاستیدا ئەم پرۆسەیە لەلای منداڵانی ئۆتیزم بە سیستەمێکی ئاڵۆزدا دەڕوات و کارکردن لە هەر قۆناغێکی پرۆسەکە لەچاو منداڵێکی ئاسایی زۆر جیاوازە، بۆیە باشبوونی سیستەمی زمانیی حاڵەتی ئۆتیزم، بە شێوەیەك ئاڵۆزە، کە ماوەیەکی درێژخایەنی دەوێت بۆ چارەسەرکردنی، بەپێی ڕێژەی حاڵەتەکەش، ماوەکەی دەگۆڕێت.

### 1/3: ڕۆڵی دایك و باوکان، لە گرنگیدان بە چارەسەرکردنی گرفتی زمانی:

کاتێك دایك و باوکان هەستدەکەن، کە منداڵەکەیان لەڕوی زمانەوە دواکەوتووە و وەك پێویست کۆدە زمانییەکان دەرنابڕێت و پەیوەندیی زمانی لاوازە و لەگەڵ منداڵانی دەوروبەریدا تێکەڵ نابێت و لەڕوی ڕەفتارەوە کۆمەڵێك نیشانەی نائاسایی وەکو (فڕێدانی هەر کەلوپەلێك کە لەناو دەستیدایە...) لێرەدا، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجاممان داوە، ڕێژەی هەڵدانی ئەو کەلوپەلانە بەرزتر و توندتر بێت، ئەوا ڕادەی تێکچوونی ڕەفتارییەکەی زۆرترە، هەروەها ئاوڕنەدانەوە لەکاتی بانگکردنیدا و گرتنی گوێیەکانیان لەکاتی بیستنی دەنگە بەرزەکاندا و سەیرنەکردنی چاوی کەسی بەرانبەر لەکاتی قسەکردنیاندا یان خۆلاواندنەوەیان چ لەکاتی دانیشتنیان یان چ لە ڕێگای کۆمەڵێك کۆدی زمانی نارێکی لەخۆوەی نائاراستەکراو یان جوڵاندنی پەنجەکانی دەستیان وەك یاریکردن و ژەنینی ئالەتێکی مۆسیقا یاری بە دەست و پەنجەیان دەکەن، ئەمانە؛ نیشانە یان ئاماژەن، بۆ سەرەتای تێکچوونە دەمارییەکان لە مێشك، بەتایبەتی گەشەنەکردنی وشە هەڵهێنجراوەکان و کۆدە داڕێژراوەکانی، کە منداڵ وەکو کلیلێك بەکاریان دەهێنێت، لە سەرەتای فێربوونی زمانیدا، لێرەدا زۆر گرنگە دایك و باوك ئەو خاڵانە بەهەند وەربگرێت؛ بەزووترین کات سەردانی پزیشکی پسپۆڕی پێبکات، بۆ ئەوەی لە کاتێکی زوودا حاڵەتەکەی بۆ دەستنیشان بکرێت و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە و دەست بکرێت بە ڕاهێنانکردن لەگەڵیدا، بۆ کەمکردنەوەی نیشانەکانی، بۆ ئەوەی نیشانەکان لەگەڵیدا گەشە نەکات و نەبنە بەشێك لە ڕەفتاری منداڵەکە.

### 2/3:ڕۆڵی سەنتەرەکان، لە چارەسەرکردنی منداڵانی ئۆتیزم.

گرنگترین ڕۆڵی سەنتەرەکان ئەوەیە، کە منداڵان ئامادە بکات بەر لە چوونیان بۆ قوتابخانە، وا لەو منداڵانە بکات ئامادە بن، چونکە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر لەو منداڵانە ناتوانن، بەشێوەیەکی ئەکادیمی پەرە بە ئاستی پەروەردە و فێرکردنیان بدرێت، دوای ئەوەی دەستنیشان دەکرێن لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕی بواری ئۆتیزم و چارەسەری زمانی بۆیە زۆر گرنگە ئەم منداڵانە لەژێر چاودێریی پسپۆڕی شارەزا، بە شێوازێکی ئەکادیمییانە ڕاهێنانیان پێ بکرێت، بەپێی کۆمەڵێك پەیرەو (پرۆگرام)ـی نێودەوڵەتی، ئەوەی گرنگە

ئەوەیە هەر منداڵە و كلیلی كاركردن و ڕەفتاركردن لەگەڵیدا جیاوازە لەگەڵ منداڵێكی تر، بۆیە پێویستە لە كاتی دانانی پرۆگرامی ڕاهێنانەكە وەك یەكەم حاڵەت مامەڵە و ڕەفتاری لەگەڵدا بكرێت، تاكو دەستنیشانی ئاست و ڕێژەی تێكچوونی زمانی و ڕەفتارییەكەی دەكرێت، ئینجا دەست بكرێت بە پرۆگرامی كاركردن لەگەڵیدا، بە شێوەیەكی (تاك- فردی) لە شوێنێكی گونجاو و تایبەت بە ڕاهێنان. لە هەمان كاتدا دانانی كۆمەڵە ڕاهێنەرێك، كە ئەم تایبەتمەندییانەیان هەبێت:

1. بڕوانامەی تایبەت بە (پەروەردەی تایبەت).
2. خاوەن هەست و سۆزی دایك و باوكانە بێت بۆ منداڵەكان.
3. خۆشەویستیی بۆ كارەكەی، لە پێش پێویستی بۆ كارەكەی بێت.
4. دەروون ئارام و خۆڕاگر بێت.
5. باشتر وایە هەر منداڵێك، لە ڕۆژێكدا (1- 1:30) كاتژمێر بە (تاك) ڕاهێنانی پێ بكرێت، ئینجا تێكەڵ بە منداڵانی تر بكرێت.
6. بوونی كۆمەڵێك پرۆگرامی نێودەوڵەتی و ئەزموندار (تاقیكرابێتەوە بە ئەنجامی باش)

بە هەبوونی ئەم خاڵانە، منداڵانی خاوەن پەروەردەی تایبەت، زووتر گرفتەكانیان چارەسەر دەكرێن. ئەو منداڵانە بەهۆی دووركەوتنەویان لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییە كان و دابڕان لە قۆناغەكانی خوێندن، و ڕەفتاریان ناجێگیر و نائاساییە زۆرجار كێشە بۆ خێزانەكانیان دروستدەكەن، بۆیە پێویستە لەم سەنتەرانە دابنرێن بۆ پەرەپێدانی تواناكانیان تا چارەسەربوونی گرفتەكانیان. هەروەها زۆر گرنگە سەنتەرەكان ڕۆڵیان هەبێت لە چارەسەركردن و ئامادەكردنی ئەو منداڵانە، پێش قۆناغی قوتابخانە، (ئەگەر منداڵی ئۆتیزم توانای قسەكردنی هەبوو، لە توانستەكانی ڕۆژانەی كێشەی نەبوو، دەبێت بۆ چوونە قوتابخانە ئامادەبكرێت، وەك منداڵێكی ئاسایی دەبێت ئەم توانستانەی باش ئامادەكرابێت:

1. ناسینی ڕەنگەكان.
2. ناسینی شێوەكان.
3. ناسینی ژمارەكان.
4. ناسینی قەبارە.
5. جیاكردنەوەی دەنگەكان.
6. توانای ماسولكەی بچوك (قەڵەم گرتن).
7. ناسینی ئاڕاستەكان (ڕاست و چەپ، باكوور و باشوور).
8. زانینی جیاوازییەكان لە نێوان لەیەكچووەكان و دژەكان.) (ڕەحمان عەلی، 2014، 91)
9. هاوسەنگیی وەستانی هەبێت.
10. پەیوەندیی چاو لەگەڵ چاو ڕاستبوبێتەوە.
11. سیستەمی (L.A.D) بەتەواوی چاكبووبێتەوە.
12. كەمبوونەوەی ڕێژەی تێكچوونی ڕەفتاری.

sjh@univsul.edu.iq

**ئەنجام:**

1. سیستەمی زمانی پرۆسەیەکی هاوبەش و ئاڵۆزە لە نێوان ناوچەکانی بەرپرسی زمانی لە مێشکدا.
2. ئۆتیزم لە بنەڕەتدا بوونی نییە، بەڵام تێکچوون و شڵەژان هەیە لە ناوچە بەرپرسەکانی زمانی لە مێشکدا، لە سەرەتاکانی گەشەسەندنی تەمەنی کۆرپەلەدا، ئەگەر زوو توانرا دەستنیشانی گیروگرفتەکانی ئەم شڵەژانە بکرێت، ئەوا منداڵ هەرگیز توشی ئۆتیزم نابێت.
3. ماسولکەکانی قسەکردن لە دەموچاو و ماسولکەی زمان سەرەتای دەستپێکی تێچوونی زمانن لەدوای ناوچەکانی بەرپرسی زمانی.

**پێشنیار:**

1. پێویستە ڕاهێنەرانی سەنتەرەکان، کارامە و شارەزابن لە پێدانی پرۆگرامەکان بە منداڵانی ئۆتیزم، بزانن لە چ کاتێکدا کام پرۆگرام (بەگوێرەی ئاست) بەکاردەهێنن.
2. لەکاتی بینینی هەر نیشانەیەکی نائاسایی لە ڕەفتاری منداڵ، پێویستە دایك و باوکان ورد و بەسەرنج بن و زوو هەست بەو نائاساییە بکەن و سەردانی کەسانی پسپۆڕی پێ بکەن.

سەرچاوە کوردییەکان:


ئاڤێستا کەمال محمود، 2012، پرۆسە سایکۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، هەولێر.

کەریم شەریف قەرەچەتانی، 2002، سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ، قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە، هەولێر.

کەریم شەریف قەرەچەتانی، 2010، نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

یارا قادر حمد، 2014، گیروگرفتەکانی گوتن و چارەسەرکردنیان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، فاکەلتی پەروەردە بەشی زمانی کوردی.

یارا قادر حمد، رحمان علی قادر، 2013، کاریگەری ئۆتیزم لەسەر زمان و پەروەردە و چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

محمد محوی، زانستی هێما، واتا و واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

رەحمان عەلی، 2014، ئۆتیزم و خێزان، چاپی دووەم، چاپخانەی هاوار، سلێمانی.

کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان، ڕێبەری دەستنیشانی حاڵەتی ئۆتیزم،2015، هەولێر.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

هحمد شوقى رضوان، عثمان بن صالح الفريح، 1991، الشؤن المكتبات جامعة و الملك السعود، الطبعة الثالثة، 1411ه.

ايهاب عبدالعزيز البيلاوى، 2003، اضطربات النتق، دار النهضة المصرية، قاهرة.

ربيع محمد، طارق عبدالرؤف عامر، الإدراك البصرى و صعوبات التعلم، الطبعة الأولى، اليازوردى، عمان، الأردن.

محمد حسن غانم، 2006، النمو العقلى لدى الطفل، المكتبة المصرية للطباعة و النشر الإسكندرية.

محمد عدنان عليوات، الأطفال التوحديون، عمان الأردن، 2007، دار اليازورى العلمية للنشر و التوزيع.

محمد على كامل، 2005، التعضل المبكر و مواهجة اضطرابات التوحد، ابن سينا، طبعة العبور الحديثة، قاهرة.

محمد على كامل، 2005، الأوتيزم إلاعقة الغامضة بين الفهم و العلاج، كلية التربية، مركز الإسكندرية للكتاب، الإسكندرية مصر.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

Danny D. Steinberg, Psycholinguistics language, minded word, Singapore.

Mick Randall, 2007, memory, psychology and second language declining, Kohen Benjamin, USA.

Shovel, Thomas, 2009, Psycholinguistics, Oxford university press.

**ملخص**

عنوان البحث: هذا البحث بعنوان (نظام اللغة عند الأطفال ذوي الإعاقة مثلا (التوحد).). وتكمن أهمية الدراسة في تزايد أعداد الأطفال ذوي الإعاقة وضعف مستوى الوعي لدى الأفراد في المجتمع (وخاصة الأسر) تجاه مرض التوحد. وهو عرض لبعض القضايا المهمة، في إطار خبرة أربعة عشر عاما في مجال أطفال التربية الخاصة. وذلك لإلقاء الضوء على كيفية التحرك نحو عمل أفضل لمعالجة مشاكل أطفال التربية الخاصة وخاصة التوحد، وكذلك كيفية تطوير نظام اللغة الذي يعد السبب الرئيسي لاضطرابات اللغة عند أطفال التربية الخاصة. وفي هذه الدراسة تم اتباع المنهج الوصفي التحليلي. وقد تم عرض أجزاء هذه الدراسة على النحو التالي: الجزء الأول: المواضيع: ما هو نظام اللغة وكيف يعمل؟ ومتى يكون الطفل قادرا على التخلص من الشفرات اللغوية في نظام اللغة؟ وما هو نظام L. A. D؟ واضطرابات اللغة عند أطفال التربية الخاصة. والجزء الثاني: ما هو مرض التوحد؟ ما هي الأعراض؟ واضطرابات نظام اللغة عند الأطفال المصابين بالتوحد ومبادئ الإدراك والاستيعاب والفهم والتعلم. الجزء الثالث: دور الوالدين في علاج مشاكل اللغة (التوحد) ودور المراكز في علاج الأطفال المصابين بالتوحد.

ونتيجة لذلك، حصلنا على عدد من النتائج الجديدة وقدمناها وأخيراً قدمنا المصادر.

**الكلمات المفتاحية:** التوحد، الصدى اللغوي، اضطراب اللغة، اضطرابات اللغة، التربية الخاصة.

## Abstract

Title of the research: This research is entitled (Language system in children with disabilities, for example (autism).). The importance of the study is that the number of children with disabilities is increasing and the level of awareness of individuals in society (especially families) against autism is weak. It is a presentation of some important issues, within the framework of fourteen years of work experience in the field of special education children. To shed light on how to move towards better work to address the problems of special education children, especially autism, as well as how to develop the language system, which is the main cause of language disorders in special education children. In this study, the descriptive analytical approach is followed. The parts of this study are presented as follows: Part 1 Topics: What is the language system and how does it work? And when is the child able to discard linguistic codes in the language system? And what is the L. A. D system? And language disorders in special education children. And Part 2: What is Autism? What are the symptoms? And language system disorders in children with autism and the principles of perception, absorption, understanding and learning. Part 3: The role of parents in treating language problems (autism) and the role of centers in treating children with autism.

As a result, we have obtained and presented a number of new results and finally presented the sources.

Keywords: Autism, Echolalia, L.A.D, Language Disorders, Special Education.

sjh@univsul.edu.iq